سەلاحەدین بەهائەدین: پارتی و یەکگرتی دەسەلاتیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکارهێناوە



ئەمینداری گشتی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان رایدەگەیەنێت، پارتی و یەکگرتی لە بەغدا دەسەڵات و کورسیان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی و حزبی خۆیان بەکارهێناوە و دەشڵێت، "پێویستە هاوپەیمانیان جیاوازی بکەن لەنێوان بەهەشت و دۆزەخ، چاك و پیس، دیاریشە کە چاك و پیس وەك یەك نین، پێویستە سەرنج لەسەر چاکەکان بدرێت".

بەگوێرەی راگەیەندراوێکی یەکگرتوی ئیسلامی، لەمیانەی بەسەرکردنەوەی هەردو قۆناغی شارەزور و سەیدسادق، ئەمڕۆ پێنجشەممە بەیاوەری ژمارەیەك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و شواری گشتی و کاندیدانی لیستی حزبەکەی سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین لە وتارگەدا رایگەیاند، بارودۆخی ناوچەکە ئاڵۆزە و لەدوای ڕاگرتنی شەڕی دژی غەززە، هێشتا پریشکی ئاگری شەڕ لەبەردەم دەرگای وڵاتانی ناوچەکەیە، ئەگەر کاربەدەستانی عێراق و هەرێم ژیرانە مامەڵە نەکەن، پریشکیان بەردەکەوێت، سەرەڕایی گۆڕانکارییەکانی سوریاش هێشتا دەرهاویشتەکانی ماون".

وتیشی، "لەئێستادا زلهێزەکانی ناوچەکەو جیهان دەیانەوێت لەگەی هەڵبژاردنەوە

گۆڕانکاری لەحکومەتانی عێراقدا بکەن، ئەگەر بەهەڵبژاردن چارەسەر نەبوو، دور نیە پەنا بۆ کردەی سەربازی ببرێت، بۆیە هەڵبژاردنی ئەمجارە گرنگ و چارەنوسسازە و جێی داخە لەم هەلومەرجە ناسکەشدا کورد بەتایبەت یەکێتی و پارتی ناتەباو ناکۆکن".

ئەمینداری گشتی یەکگرتو جەختیکردەوە، "کورد پێویستی بەهاوڕێکی سیەمی بەهێزە لە بەغدا لەدەرەوەی یەکێتی و پارتی بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی هاوڵاتیانی هەرێم، چونکە لە بابردودا کاربەدەستانی یەکێتی و پارتی لە بەغداد کورسی و بەرژەوەندیەکانیان بەمەبەستی بەدەستهێنانی بەرژەوەندی تایبەتی و حزبی بەکارهێناوە".

سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانیش ئەمینداری گشتی یەکگرتو باسی لەوەشکرد، "ئەمە کەمەك کاندیدی بوێرو ڕاستگۆو دەستپاك و دڵسۆزمان بەربژێر کردوە بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەمە لەگەڵ دروشمەکانی خەمان ڕاستگۆبوین، هەڵبژاردن بۆ گۆڕینی کورسیەکانی ئەوانە سەرەڕایی چاوسورکردنەوە و ترس و تۆقاندن، بۆیە پێویستە هاوڵاتیان جیاوازی بکەن لەنێوان بەهەشت و دۆزەخ، چاك و پیس، دیاریشە کە چاك و پیس وەك یەك نین، پێویستە سەرنج لەسەر چاکەکان بێت، ئەگەر پیسیش بەپیسیەکەی خۆی سەرنجت زیاتر ڕابکێشێت".